Dicle Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi

DÜSBED

*Sayı / Issue: 40(2025), Sayfalar / Pages: 274-293*

Araştırma Makalesi / Research Article
**DOI: 10.15182.diclesosbed.1656580**
Received / Başvuru: 12.03.2025
Accepted / Kabul: 17.06.2025

# OSMANLI BELGELERİNDE KAK AHMEDİ ŞEYH

**کاك ئەحمەدى شێخ لە بەڵگەنامەکانى عوسمانى دا**

Kak Ahmadi Sheikh in Ottoman Documents

Hemin Omar AHMAD*

**Öz**

İslam tarihi boyunca Kürtler, bölge milletleri gibi, dini ilimler alanında büyük bir rol oynamış ve birçok Kürt alim İslam alimleri arasında yer almıştır. Kak Ahmedi Şeyh (1793-1887), büyük bir alim ve Kadiri tarikatının şeyhi olan Şeyh Ma'roof Nodehi'nin oğluydu. Ayrıca bölgede ve hatta Osmanlı İmparatorluğu düzeyinde etkili bir şahsiyetti. Şimdiki nesil onun adını sadece mektuplarından, diğer eserlerinden, türbelerinden ve camilerinden duysa da, komşu ülkelerin arşivlerini araştırmadığımız ve hafızalarında kişiliği hakkında ne söylendiğini bilmediğimiz için? Özellikle yüzlerce şüpheci alimin bulunduğu Osmanlı İmparatorluğu arşivlerinde. Hem bir alim hem de bir tarikat şeyhi ve Süleymaniye ve bölgenin etkili bir kişiliği olan Kak Ahmedi Şeyh, bu arşivdeki birçok konuda bir ses ve renge sahiptir. Bu araştırma, Osmanlı arşivlerinin gölgesinde bu bilgin hakkında bazı yeni bilgiler sunmaya çalışmıştır. Bunlar arasında şunlar yer almaktadır: Osmanlı belgelerinde Kak Ahmedi Şeyh'in isimleri, Osmanlı devleti Ahmed'in gazetelerinde ve matbaalarında yansıma ve anılması, ayrıca Osmanlı arşivlerinde eserlerinin el yazmaları ve bu etkili Kürt figürüyle ilgili diğer makaleler.
**Anahtar Kelime**: Kak Ahmedi Şeyh, Maktubat, El yazmaları, Kadiri Tarikatı

**Abstract**

Throughout the history of Islam, the Kurds, like the nations of the region, have played a great role in the field of religious sciences and many Kurdish scholars are among the scholars of Islam. Kak Ahmadi Sheikh (1793-1887) was the son of a great scholar and a sheikh of the Qadiri sect, Sheikh Ma'roof Nodehi. He was also an influential figure in the region and even at the level of the Ottoman Empire. Although the present generation only hears his name through his letters, other works, shrines and mosques, but because we have not searched the archives of neighboring countries and do not know what is said about his personality in their memory? Especially the archives of the Ottoman Empire, where hundreds of skeptical scholars are found. Kak Ahmadi Sheikh, both as a scholar and as a sect sheikh and an influential personality of Sulaimani and the region, has a voice and color in many issues in this archive. This research has tried to present some new information about this scholar in the shadow of the Ottoman archives, including: the names of Kak Ahmadi Sheikh in Ottoman documents, reflection and mention in newspapers and printing houses of the Ottoman state Ahmad, as well as manuscripts of his works in Ottoman archives and several other articles related to this influential Kurdish figure.
**Keywords:** Kak Ahmadi Sheikh, Maktoobat, Manuscripts, Qadiri Tariq

*Professor of Literary Criticism and Master of Ottoman History. E-mail: heminahmad40@gmail.com.
ORCID: 0000-0003-1985-9512

* Professor of Literary Criticism and Master of Ottoman History. E-mail: heminahmad40@gmail.com.
ORCID: 0000-0003-1985-9512

## پێشەکی

لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ وڵاتی کوردەواری، کورد وەك گەلانی تری ناوچەکە باوەشی بۆ ئەو ئایینە کردۆتەوە و بە درێژایی چەندین سەد لە ڕێی خزمەتکردنەوە ڕۆڵی مەزنی گێڕاوە. لەو سۆنگەوە زانایانی کورد لە نێو زانایانی جیهانی ئیسلامدا وەك ئەستێرەیی درەوشاوەن و بە درێژایی ئەو مێژووە بەرجەستە و کاریگەربوونە.

کاك ئەحمەدی شێخ (1793-1887) وێڕای ئەوەی کوڕی زانایەکی گەورەی پڕ بەرهەم و شێخێکی تەریقەتی قادری بووە، خۆیشی لەگەڵ ئەوەی جێگرەوەی باوکی و زانایەکی پڕ خزمەت بووە بۆ وڵاتی کوردەواری، لە هەمان کاتدا کەسایەتییەکی کاریگەریی ناوچەکە بووە و تەنانەت لەسەر ئاستی دەوڵەتی عوسمانیشدا حسێب بۆکراو بووە. ئەگەر چی نەوەی ئێستا تەنیا لە ڕێی مەکتووباتەکانی و چەند بەرهەمێکی دی و مەزار و مزگەوتەکەیەوە بەردەوام ناوی ئەوی دێتە گوێ، لێ لەبەرئەوەی لە ئەرشیفی وڵاتانی دەوروبەرەوە بەدوایدا نەگەڕاوین و نازانین کەسایەتیی ئەو زاتە گەورەیە لە یادگەی ئەواندا چی لەبارەوە گوتراوە و چۆن باس کراوە؟ بەتایبەتی ئەرشیفخانەی دەوڵەتی عوسمانی، کە تژییە لە زانیاریی لەبارەی کورد و نیشتمانەکەی بە درێژایی چوارسەد ساڵ حکومڕانی ئەو ناوچەیان کردووە. لەو بارەوە دەیان و سەدان زانای گومناومان لەنێو ئەو ئەرشیفەدا دەدۆزرێنەوە. کاك ئەحمەدی شێخیش چ وەك زانایەك و چ وەك شێخێکی تەریقەت و کەسایەتییەکی کاریگەری سلێمانی و ناوچەکە لە زۆر پرسدا لەنێو ئەو ئەرشیفەدا دەنگ و ڕەنگی هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە لە بەر سایەی ئەرشیفی عوسمانیدا چەند زانیارییەکی تازە لەبارەی ئەم زانایەوە بخاتەڕوو، لەوانە: ناسناوەکانی کاك ئەحمەدی شێخ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، ڕەنگدانەوە و ناوهاتنی لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، سێ نامەی بڵاونەکراوەی کاك ئەحمەد، کاك ئەحمەد و زەوییە وەقفکراوەکانی بۆ تەکیەکەی، تەکیە و مزگەوتەکەی لەناو بەڵگەنامەکاندا، وەفاتی کاك ئەحمەد و هەروەها دەستنووسی بەرهەمەکانی لەناو ئەرشیفخانەکانی عوسمانیدا و چەند بابەتێکی تری پەیوەست بەم کەسایەتییە کاریگەرەی کورد.

بەهیوای ئەوەی ئەمە هەوڵێکی دەسپێك بێت بۆ دۆزینەوەی زانیاریی دیکە لە ئەرشیفی وڵاتانی تر لەبارەی کاك ئەحمەدی شێخ و بنەماڵەی شێخ مارفی نۆدێی و تەواوی زانا و بنەماڵەکانی کوردستان و، ببێتە کەرەسەی فراوانی نووسینەوەی مێژووی زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامیدا.

## 1. زانایانی کورد و ئەرشیفی عوسمانی

زانایان توێژێکی کاریگەریی نێو کۆمەڵگەی کوردی بوونە، چ لە سەردەمی میرنشینەکانەوە یان دوای ئەوان و سەردەمی کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، لەبەر ئەوە بەشێکیان لە شوێنە جیاجیاکان بوونەتە قازیی یان حاکم و موفتی، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکیش خاوەن مەدرەسە بوونە و زانیاریی لەبارەی مەدرەسەکانیش چ لە ئەرشیفی عوسمانی یان ساڵنامە عیلمییەکاندا بە ڕوونی دیارە. لە هەمان کاتدا لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا بۆ بەدواداچوونی قۆناغەکانی گەشەپێدانی سیستەمی کارگێڕیی دەوڵەت تۆمارکردنی ژیاننامەی فەرمانبەران لە چوارچێوەی سیجیللیێکدا هاتە کایەوە. کارەکە لە ساڵی 1879 دەستی پێکرد و دەفتەرەکان لە ژمارە 1 تا 201 پێکهاتوون و کارمەندانی تۆمارکراو لە نێوان ساڵانی 1200- 1310 ی کۆچی واتە (1786-1892)ی تێدایە. دوای سەردەمی مەشرووتییەت لە ساڵی 1909 دا کۆتایی بە سیجیللی عومومی هات و بۆ هەر کارمەندێك لە دەزگاکەی خۆیدا سیجیللی بۆ دەکرایەوە. (SARIYILDIZ, 2009: 134) تا ئێستا ئەمە بۆتە سەرچاوەیەکی زۆر باش بۆ دۆزینەوەی ژیاننامەی کەسایەتییەکانی کورد.

بەشێك لە زانا ناسراوەکان، یان شێخانی تەریقەت لەبەرئەوەی فەرمانبەری دەوڵەت نەبوونە، تەنیا لە بەشی ئەرشیفی نووسراوەکانی دەوڵەتدا زانیارییان لەبارەوە دەبینرێ، لەوانە: نامەکانی ئەو کەسایەتییانە و هەواڵی هەندێ لە چالاکییەکانیان و ڕۆڵیان لە ناو کۆمەڵگە

باسی لێوە دەکرێ. ئەرشیفی عوسمانی بە شێوەیەکی گشتی تا ئێستا بەتەواوی ساغ نەکراوەتەوە و ناوی سەدان زانا و کەسایەتیی لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە هەن، هێشتا نەبوونەتە کەرەستەی توێژینەوە. لەنێو ئەو زانایانەدا زانایانی کورد پشکی شێریان بەردەکەوێت و کەمترین کاریان لەسەر کراوە. لە کاتێکدا زانیاریی زۆر سەرنجڕاکێشن و بەشێکی مێژوو ڕووناك دەکەنەوە.

## 1.1کورتەژیانی کاك ئەحمەدی شێخ

کاك ئەحمەد ناوی ئەحمەدە کوڕی شێخ مەعرووفی نۆدێی یەکێك لە ڕابەرانی تەریقەتی قادرییە لە شاری سلێمانی. ساڵی 1208ی کۆچی لە سلێمانی لەدایك بووە. لە خزمەت باوکی خۆی خوێندووە کە یەکێك بووە لە زانا گەورەکانی سەردەمی خۆی. لە دوای وەفاتی باوکی، ئەو لە شوێنی دانیشتووە، چ وەك ڕابەری تەریقەت و چ وەك مودەڕیسێك کە بەردەوام دەرسی داوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرپەرشتی میوانخانەکەی کردووە کە شوێنێك بووە بۆ ناندان بە خەڵکی هەژار و لێقەوماو و مورید و مەنسووبەکانیان. هاوکات دەیان مەکتووباتی بۆ خەڵکی گوندەکان نووسیوە و ڕێنمایی کردوون و شەریعەتی بۆ ڕوون کردوونەتەوە. لە ساڵی 1305ی کۆچیدا وەفاتی کردووە و لە مزگەوتەکەی خۆی لە سلێمانی بەخاك سپێردراوە. (مودەڕیس، 1389: 264)ناوبراو وێڕای مەکتووباتەکانی زۆر نامەی نووسیوە و بەشێکی زۆری ئەو نامانە تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە و هەندێکیان لە ئەرشیفخانەکانی وڵاتانی وەك ئێران و تورکیا پارێزراون.

## 2. ناسناوەکانی کاك ئەحمەدی شێخ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

بە درێژایی مێژووی ئیسلام، ناسناوەکان وەك پێشگر و پاشگر بۆ هەندێ لە کەسایەتییە کاریگەرەکان بەکارهاتوون و زۆر جاران ناسناوەکان جێی خودی ناوی کەسەکانی گرتۆتەوە. جا هەندێ لەو کەسایەتییانە هەیانە تەنیا یەك ناسناو و هەیشیانە زیاتر لە ناسناوێکیان پێوە لکێندراوە، بەشی زۆریشیان لەبەر پێگە و کاریگەرییان؛ لە لایەن خەڵکەوە ئەو ناسناوانەیان بەبەردا بڕاوە. کاك ئەحمەدی شێخ لەنێو ئەرشیفی عوسمانیدا وەك پێشگر زۆر ناسناوی بۆ بەکارهاتوون، کە بەشی زۆریان لە دوای وەفاتییەوە لەناو ڕووپەڕی بەڵگەنامەکانەوە دەبینرێن، لەوانە:

### قطب العارفین:

ئەم ناسناوە لە دیرۆکی ئیسلامیدا زۆر بە دەگمەنی بەکارهاتووە، یەکێك لە واتاکانی خەلافەتی مەعنەوییەتی موحەممەدییەیە و بەرزترین مەقامی ویلایەتی مەعنەویی نوبووەتی موحەممەدییە کە بە میرات بەجێ مابێت. ئەم مەقامەیش لە ڕووی مەعنەوییەوە بۆ ئەو کەسانە بووە کە گەیشتوونەتە لوتکەی مەعریفەتی ڕووحی و ویلایەتی تەسەووف. لە لایەکی تریشەوە دەربڕینەکە لە دوو پارچە پێك هاتووە، قوتب و عاریف، کە یەکەمیان غەوثیشی بۆ بەکارهاتووە کە بەرزترین پایەیە سۆفی پێی دەگات و وەك تەلیسمێکە گەردوون شرۆڤە دەکات (الجرجانی، 1983: 185-186). ئیبن عەرەبی لە ئادەمەوە تا خاتەم 25 قوتب دەژمێرێ و لەنێو شەش تەبەقاتی سۆفییانیشدا؛ قوتب بە یەکەمیان دادەنێ. (ابن الخطیب، 1970: 432) کە بە لێکدراویش دێتە نیشان دان، دەبێتە قوتبی عاریفان.

لەناو مێژووی ئیسلامدا ئەم ناسناوە بۆ چەند کەسایەتییەك بەکارهاتووە، بەتایبەتی کەسایەتییە سۆفی و عاریفەکان لەوانە:

-شێخ عەبدولقادری گەیلانی (1077-1166ز) کە یەکێکە لە جەمسەرە گرنگەکانی تەسەووفی ئیسلامی.

-شێخ محییەددینی ئیبن عەرەبی (1165-1240ز) فەیلەسووف و گەورە سۆفیی کە بە ڕوانینەکانی لەبارەی یەکێتیی بوونەوە ناسراوە. تەنانەت خودی ئیبن عەرەبی کتێبێکی لەبارەی زوننونی میسری نوسیوە و ناسناوی قطب العارفین ی خستۆتە پاڵ زوننونی میسری و کتێبەکەی ناوناوە: (الکوکب الدری فی مناقب ذی النون المصری).

-شێخ ئەحمەد ئەلرفاعی (1118-1182ز) دامەزرێنەری تەریقەتی رفاعی و یەکێك لە گەورە پیاوانی تەسەووف لە جیهانی ئیسلامیدا.

-ئیمام جونەیدی بەغدادی (830-910ز) لە گەورە پێشەوایانی تەسەووف کە کاریگەریی لەسەر بزاڤی تەسەووف لە جیهانی ئیسلامیدا ڕوون و ئاشکرایە.

-شاهی نەقشبەندی بوخاری (1318-1389ز) دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندی و یەکێك لە قوتبە گەورەکانی تەسەووف.

لەنێو عاریف و زانا و کەسایەتییەکانی کورد، بەتایبەتی لە سەردەمی عوسمانیدا ناسناوی (قطب العارفین) بۆ کاك ئەحمەدی شێخ دانراوە، لە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە باس لە خودی کاك ئەحمەد دەکرێن ئەم ناسناوە دەخرێتە پێش ناوەکەی. تەنانەت نەك هەر بەڵگەنامە ڕەسمییەکان، بەڵکو لە کتێبەکانی ساڵنامەشدا بە هەمان شێوە هاتووە. بۆ نموونە (قطب العارفین الشیخ کاك احمد افندی).

**-اولیای عظام:**

ئەم ناسناوەیش لە دوای وەفاتییەوە لەنێو بەڵگەنامەکاندا دەبینرێ.

**-مشایخ کرام:**

ئەم ناسناوەیش لە ڕوانگەی شێخایەتییەوە بەکارهاتووە و لەنێو ئەرشیفی عوسمانیدا دەبینرێ.

**-اعلم علما:**

زاناترینی زانایان. وا دیارە وێڕای شێخێتییەکەی کاك ئەحمەدی شێخ، زانابوونەکەی بۆتە جێی سەرنج و بە ئەعلەمی عولەما ناوی هاتووە.

**کبار اولیاء الله:**

ئەم دەربڕینە بۆ کاك ئەحمەدی شێخ گوتراوە، لە ڕۆژنامەی سوریەی ساڵی 1899 دا لە  باس و سەرناوی (خیرات و میرات سنیه حضرت خلافتپناهی) دا، و لە باسی بنیاتنانی منارەی مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ لە سلێمانیدا، ناوی کاك ئەحمەد بە (کبار اولیاء الله شیخ کاك احمد افندی مرحوم) هاتووە و مزگەوتەکەیش هەر بە ناوی ئەوەوە هاتووە (سوریە، 1899: 2).

**حەزرەتی تاجداری:**

ئەم دەربڕینەیش وەك پێشناوی کاك ئەحمەد بۆ یەکێك لە نەوەکانی، بە ناوی مستەفا هاتووە، لەو بەیاننامە ئاشتەواییەی نێوان بەرزنجی و تاڵەبانییەکان کە ئیمزای کەسایەتی و زانایەکانی لەسەر کراوە، دەربڕینی (اخص دعاکویان حضرت تاجداری شیخ کاك احمد افندی حفیدی مصطفی) هاتووە. ئەم بەیاننامەیەش لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی (طریق) بڵاوکراوەتەوە (طریق، 1887: 1).

**قدوة العلماء والسالکین:**

بە واتای پێشەنگی زانایان و سۆفییان دێت. ئەم دەربڕینە لە لایەنی زانستی و لایەنی تەسەوفییەوە بە گرنگ تەماشا دەکرێت، ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی ساڵی 1301ی کۆچی هاتووە، تێیدا باس لە داهاتی هەندێ گوند کراوە کە وەقفن بۆ خورد و خۆراکی هەژاران و تەکیە و مەدرەسەی کاك ئەحمەدی شێخ، لە کاتی باسکردندا ئەم دەربڕینانەی سەرەوە لە وەسفی کاك ئەحمەددا بەکارهاتوون (TK.GM..FRM.31).

**سەججادەنشین:**

ئەم دەربڕینەیش کە بە واتای ئیمام، زانا، شێخ و مەلا دێت(رمزی، 1305) و ئەو کەسە لە مەقامی زانایان و شێخاندا پۆستنشین بێ. (سامی، 1901) لە پێش ناوی کاك ئەحمەد لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا هاتووە(TK.GM..FRM.31).

هەموو ئەو ناسناوانەی سەرەوە، لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی 1891 لە کاتی ناساندنی شاری سلێمانی بۆ کاك ئەحمەدی شێخ بەکارهاتوون: لە ناوەندی قەصەبەی سلێمانی و دەوروبەریدا ئەولیای عیظام و مەشایخی کیرام و ئەعلەمی عولەمای بەناوبانگ؛ قطب العارفین الشیخ کاك ئەحمەد ئەفەندی و باوکی بەهەشتیی شێخ مەعرووف ئەفەندی و پیرمەنصوور و سەید جەعفەر و شێخ عەبدولقادر و شێخ عەبدولرەحمان مەدفوونی خاکی عەترناکن، بەڵام تەنیا حەزرەتی شێخ کاك ئەحمەد ئەفەندیی ئاماژەبۆکراو مەرقەدی شەریفی بۆ بیناکراوە[1]، ئەوانیتر بۆیان نەکراوە.(موصل، 1891: 150).

لە ساڵنامەی ساڵی دواتردا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو مزگەوت و مەزارەی کاك ئەحمەدی شێخ، ئێستا لەبن سەرپەرشتی شێخ سەعیدی پۆستنشین دایە و عیبادەتی لێ دەکرێ و خواردنی لێ دەدرێتە هەژاران و دەرسی تێدا دەوترێتەوە (موصل، 1892: 224).

**سولالەی طاهیرە:**

دەربڕینی سولالەی طاهیرە، کە واتای ماڵبات و زنجیرەی پاکی خێزانییە، لەناو ئەرشیفی عوسمانیدا و بۆ ماڵباتی بەرزنجییەکان زیاتر لەگەڵ ناوی کاك ئەحمەد هاتووە و تەنانەت نەوەکانیشی هەر بە لکاندنی ئەم دەربڕینە و ناوی کاك ئەحمەدەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. بۆ وێنە:

-لە ڕۆژنامەی (مجلس مبعوثان) دا کە تایبەتە بە تۆمارکردنی ئاخاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی، تێیدا گفتوگۆ لەسەر ماددەی یاسایی ژمارە 325 کراوە، کە تایبەتە بە تەرخانکردنی مووچەیەکی تایبەت بۆ ئەوانەی خزمەتی نیشتمانیان کردووە، لەو نێوانەدا ناوی نەوەکانی کاك ئەحمەدی شێخ هاتوون، کە یەکێکیان شێخ مەعرووف بەرزنجی و ئەوەی تریان شێخ مەحموود ئەفەندی برازایەتی، کە دەربڕینی ماددەکە وەها هاتووە:

سلالەء طاهرەدن شیخ احمد کاك حضرتلرینك احفادندن نقیب شیخ معروف افندی ایلە برادرزادەسی شیخ محمود افندی یە خدمات وطنیە ترتیبندن ویرلمك اوزرە بشر یوز غروش معاش تخصیص اولنمشدر.

دیارە لەو نێوانەدا مشتومڕێك دروست دەبێت و سەرۆکی ئەنجومەنەکە ڕێگا بە ئەندامان دەدات گفتوگۆی لەسەر بکەن، ساسۆن ئەفەندی مەبعووثی بەغداد دەیەوێ قسە بکات و سەرۆك ڕێگای پێ دەدات و ئەویش پێی وایە ئەگەر بۆ هەر کەسێك کە خزمەتی نیشتمانی کردووە ئاوا مادەیەکی یاسایی دروست بێت ئەوا هیچ نرخێك بۆ خزمەتەکانی نیشتمان نامێنێ و لەو بارەوە پێویستە ئەنجومەن ئەمە ڕەت بکاتەوە. (خەڵکێك دەنگی ڕەتکردنەوە بەرزدەکەنەوە). دواتر حاجی محەمەدئەمین بەگ مەبعوثی موصل قسە دەکات و چەند بەڵگەیەك دەهێنێتەوە و داوا دەکات کە ئەم ماددەیە قەبوڵ بکەن. دوای ئەم دوو کەسە سەرۆکی ئەنجومەن ئەم ماددەیە دەخاتە دەنگدان و داوا دەکات کێ ئەم ماددە یاسایە ڕەت دەکاتەوە با دەستی بڵند بکات، لە ئەنجامدا ڕەت دەکرێتەوە (مجلس مبعوثان، 1917: 80).

چەند ناسناوێکی تر لە لای هەندێ زاناوە بۆ کاك ئەحمەدی شێخ بەکارهاتووە، لەوانە:

**تاج العلماء، زينة الاولياء:** ئەم دوو ناسناوە مەلا محەمەدی قزلجی لە کتێبی (التعريف بمساجد السليمانية) دا دەرهەق کاك ئەحمەدی شێخ نووسیویەتی.(القزلجی، 1938)

**العارف بالله**: ئەم ناسناوە ئەحمەد فائیز بەرزنجی بۆ کاك ئەحمەدی بەکارهێناوە (البرزنجی، 1315: ج).

[1] مەبەست مەزارێکە لە شێوەیەکی ڕەسمی کە لە دەوڵەتەوە بناسێنرێ.

## 3. کاك ئەحمەدی شێخ و وەرگرتنی دوو ئیجازەنامە

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە کاك ئەحمەد تەواوی وەرگرتنی زانستەکەی لای شێخ مەعرووفی باوکی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری تەریقەتیشدا هەر لە باوکی بەهرەمەند بووە و لەو ڕووەشەوە ئیجازەی لەو وەرگرتووە. لە نێو دەستخەتەکاندا ئەم ئاماژانە دەبینرێن. لەوانە:

### 1-ئیجازەی (حزب الامام النووی)

ئەم ئیجازەنامەیە شێخ مەعرووفی نۆدەیی داویەتە کاك ئەحمەدی کوڕی، کە سەرەتاکەی ئاوایە:

بسم الله اكبر الله اكبر الله اكبر اقول على نفسى وعلى دينى وعلى اهلى وعلى اولادى...

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەم نوسخەیە لەسەر نوسخەی شێخ مەعرووف نووسراوەتەوە کە ئەو لە کۆتاییدا وەهای نووسیوە: وقد اجزت به ابنى احمد كما اجزانى به الفاضل ملا عبدالله البيتوشى وهو اخذها عن سعيد بن محمد الاحسائى عن السيد على نزيل مكة عن الشيخ على الخياط الرشيد...

ئەم دەستنووسەیش محمد سعیدی نەوەی کاك ئەحمەدی شێخ نووسیویەتی (کە وا پێدەچێ شێخ سەعیدی حەفید بێت)، وەهای نووسیوە:اجزت اخى العالم الفاضل وفى تصحيح العقائد كامل عاليجناب سمى وصديقى محمد سعيد افندى بقرآئته جميع الاحزاب وجميع المخمسات ومما الفه حضرت جدى السيد معروف النودهى من مؤلفاته الاسماء الحسنى وجوهرة... وغيرهما كما اجازنى حضرت جدى السيد كاك احمد كتبه بقلمه ونطقه بفمه المحير سعيد حفيد.

ئەم دەستنووسەیش لە کتێبخانەی سلیمانیە لە بەشی بغدادلی وهبی بە ژمارە 211436 پارێزراوە.

### 2-ئیجازەی مەنزوومەی اسماء الله الحسنی

وا دیارە کاك ئەحمەدی شێخ ئیجازەی ئەم مەنزوومەی (اسماء الله الحسنى) کە هۆنراوەی شێخ مەعرووفی نۆدێی باوکیەتی، هەر لە باوکی وەرگرتووە، پاشان ڕێپێدراو بووە کە ئیجازەی ئەم مەنزوومەیە بداتە فێرخوازان. هەروەك (السيد محمد صالح الجبارى القادرى) کە ئیجازەی ئەم مەنزوومەیە دەداتە سعید افندی رئیس الجزاء، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەویش لە سەیید و مورشیدەکەی خۆی؛ حاجی کاك ئەحمەدی شێخ وەریگرتووە و ئەویش لە سەید مەعرووف نۆدەهی باوکی وەریگرتووە: وبعد فقد اجزت عالم الفاضل الصالح الفالح الساعى لقضاء الحوائج المسلمين سعيد افندى رآيس الجزاء حفظه الله من كل البلاء جزاه الله خير الجزاء بقرائة نظم اسماء الله الحسنى كما اجازنى سيدى ومرشدى واستاذى السيد حاجى كاك احمد شيخ قدس سره كما اجازه والده السيد معروف النودهى قدس الله سره العزيز نور الله مرقدهما بقرائه كل صباح يوم الجمعة حسب ما يوفق وسع الوقت اجازة اسماء الحسنى الى رسول الله عليه الصلاة والسلام والنظم الى نفس الناظم، كتبه بقلمه ونطق به السيد محمد صالح الجبارى القادرى (سليمانية كتبخانسى02188-005 ).

## 4. کاك ئەحمەدی شێخ لە کتێبی (عثمانلی مؤلفلری) دا

کتێبی (عثمانلی مؤلفلری) لە نووسینی (محمد طاهربروسلی)یە و لە سەردەمی عوسمانیدا لە چەند بەرگێك چاپ کراوە و تێیدا باس لە زانا، نووسەر و شاعیرانی گەلانی مسوڵمانی بن سایەی دەوڵەتی عوسمانی کردووە، لەو کتێبەدا چەند کەسایەتییەکی کورد دەبینرێن، لەوانەش کاك ئەحمەدی شێخە، کە دەربارەیدا دەنووسێ:

یەکێك لە مەشایخانی قادری و ئەهلی فەزڵ و ساداتی بەرزنجیی؛ زاتێکی سلێمانییەییە بە ناوی کاك ئەحمەد قادری ئەفەندی، لە ساڵی 1305 لە وڵاتی خۆیدا کۆچی دوایی کردووە.

بەرهەمەکانی: رغبة الطالبين فى فضيلة العلم والعلماء العاملين، فتح الجواد فى بيان فضائل الجهاد، فتح الرؤف فى معانى الحروف، فك القفول فى شرح سلم الوصول، منظومة فى علم المعانى، رسالة القلب، ادب الدنيا فى التصوف والاخلاق، رسالتان فى العقائد صغرى وكبرى.

نووسەر دوای ئەوەی ناوی هەشت بەرهەمی کاك ئەحمەد دەهێنێ، ئەنجا بال دەکشێنێتە سەر وشەی "کاك" کە لە زمانی کوردیدا بۆ برای گەورە بەکاردێت (بورسلی، 1914: 158).

## 5. مانەوەی کاك ئەحمەد لە حیجاز لە بەڵگەنامەی عوسمانی

بە پێی گوتەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، (کاك ئەحمەدی شێخ چووە بۆ حەج و ماوەی چوار ساڵ لە مەدینەدا ماوەتەوە و لە هەردوو مزگەوتی مەککە و مەدینەدا گەلێ سوودی بە موسوڵمانان گەیاندووە و لە مەککەدا میوانخانەیەکی دروست کردووە بۆ ئەوانەی کە بێ خەرج و دەرامەت بوون تا لە ماوەی حەجدا تیا دابنیشن و ڕاببوێرن) (مودەڕیس، :266)

مانەوەی ئەم چوار ساڵەی کاك ئەحمەدی شێخ لە حیجاز، لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیشدا هاتووە، بەڵگەنامەکە مێژووی 1270/4/29ی کۆچی (1854/1/29)ی لەسەرە، تێیدا بەڵگەنامەکە وەرگێڕاوی تورکیی نامەیەکی عەرەبیی کاك ئەحمەدی شێخە، کە داوای ئەوە کراوە لە کوردستان و سلێمانی کاك ئەحمەدی شێخ خاوەنی مەدرەسە و تەکیەیە و ئەو مەدرەسەیە و تەکیەیە چەند زەوییەکی بۆ وەقف کراوە و لەو ماوەیەدا ناوبراو لە مەککەی موکەڕەمە وەك موجاویر نیشتەجێ بووە و داوا کراوە کە هەماهەنگی لە نێوان ئەوقافی سلێمانی و ئەوقافی مەککەدا هەبێ بۆ گواستنەوەی ئەو یارمەتییەی بۆ شێخی ناوبراو تەرخان کرابوو (A.}MKT.NZD.00110.00040.001).

لێرەدا چەند زانیارییەك دێنە پێش، کە پێشتر نەزانراو بوون:

-مێژووی مانەوەی ئەو چەند ساڵەیە لە مەککە، کە بە بۆچوونی مامۆستای مودەڕیس؛ کاك ئەحمەد چوار ساڵ ماوەتەوە، ئەگەر چی نەدەزانرا لە کام دەیە بووە، بەڵام بەهۆی ئەم بەڵگەنامەیە دیاردەکەوێت کە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی نۆزدە بووە.

-وا دیارە کاك ئەحمەد لە حیجازیش مژولی دەرسدانەوە و تەریقەت بووە، بۆیە بە دروستی زانیوە کە ئەو یارمەتییانەی بۆ مەدرەسە و تەکیەکە لە سلێمانییەوە وەقف کرابوون، لەوە بەدوا بۆ تەکیە و مەدرەسەکەی لە حیجاز بەکاربێن.

-نازانرێ ئەو چوار ساڵە، کە دوای وەفاتی شێخ مارف بووە، ئایا کێ لە شوێنی کاك ئەحمەد ئیدارەی مەدرەسە و تەکیەی کردووە و کێ لە جێگای بۆتە پۆستنشین.

-دەقی نامەکە بە عەرەبی نەدۆزراوەتەوە، بەڵام ناوەڕۆك و وەرگێڕانەکەی بە تورکیی لە ئەرشیفی عوسمانیدا دەبینرێ.

## 6. کاك ئەحمەدی شێخ و زەوییە وەقفکراوەکانی

ئەگەر چی لە دوای وەفاتی شێخ مارفی نۆدێی لە ساڵی 1837ی زایینی، واتە لە سەردەمی پۆستنشینی کاك ئەحمەدی شێخدا؛ سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (ماوەی حکومڕانی 1839-1861) و سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەم (ماوەی حکومڕانی1861-1876) و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (1876-1909) دێن، ئەم سوڵتانانە هەموویان ڕێزیان بۆ کاك ئەحمەد داناوە و تەنانەت بە گوێرەی بەڵگەنامەیەك کە مێژووی 1283/11/14ی کۆچی (بەرامبەر 1867/3/20ز) لەسەر نووسراوە، ئاماژە بەوە دراوە کە بەدەلی ساڵانەی گوندەکانی وێلەدەر و عازەبان پازدە هەزار قرووش بۆ تەکیەی شێخ کاك ئەحمەد ئەفەندی شێخی تەریقەتی عەلییەی قادری و ساداتی

بەرزنجییەی سلێمانی تەرخان کراوە و، بۆ ئەو مەبەستە والیی بەغدا و مەجلیسی باڵای ئەحکامی عەدلییە ڕەزامەند بوونە (MVL.00780.00077.001). بەڵام سوڵتان عەبدولحەمید لە سوڵتانەکانی پێش خۆی زیاتر قەدر و قیمەتی کاك ئەحمەدی لا بووە، ئەگەر چی ئەو کاتە کاك ئەحمەد تەمەنی هەشتا ساڵ بووە و نەیتوانیوە سوڵتان ببینێ، بەڵام وا دیارە ناوبانگی کاریگەری و بەرەکەتەکەی گەیشتۆتە سوڵتان (سوڵتان سەبەب بەئیخلاسێ کە دەرحەق سادات و مەشایخی هەبوو، دەرحەق بە حەزرەتی کاک ئەحمەد زیاتر بوو، وە کاک ئەحمەدیش لەبەر ئیختیاری توانای سواری و سەفەری نامابوو، ئەو ئارەزووەی هەر لەدڵا بوو) (زێوەر، 1985: 56).

یەکێ لەو کارە باشانەی سوڵتان عەبدولحەمید پشتیوانی دەوڵەتەکەی بوو لە کار و خزمەتەکانی کاك ئەحمەد، بە جۆرێك بتوانێ بەشێك لەو زەوییانەی کە تایبەت بوون بە خۆی، بیخاتە خزمەتی تەکیە و مەدرەسە و خورد و خۆراکییان و بەردەوامی بە کاری پێشووتر بدات کە لە سەردەمی سوڵتانەکانی تردا بۆ کاك ئەحمەد کرابوو و زیاتریان بکات، بە تایبەتی سوڵتان خودی خۆی (لە قەڵەمڕەوی ئەوا هیچ شارێ نەبوو بەڵکوو قەزا و ناحییەیەک کە ئاساری چاکەی ئەوی تیا نەبێ یا مزگەوت یا منارە یا پرد. لە نەفسی سولەیمانییا منارەی مزگەوتی گەورە و خانەقای مەحوی لە ئاساری دینپەروەری ئەم پادشاهەیە. لە هەموو وڵاتێکا میقدارێ لە ئەرازیی بۆخۆی جوێ کردبووەوە تاپۆشی کردبوو، ناوی نابوو «ئەرازیی سەنییە»، واریداتی ئەم ئەرازییانە سەرفی خێرات و عولەما و سادات و موسافیرخانەی ئەستەنبووڵی ئەکرد. زۆر موحیبی ئەهلی سەلاح و عیبادەت بوو.) لەو پێناوەدا (حەزرەتی کاک ئەحمەد کە بۆ خدمەتی ئایندەر ڕەوندەو مریدانی تەنها واریداتی ئاشێکی بوو لە سەیداوا، کچەزای خۆی شێخ موحەممەدی شێخ عەلی نارد بۆ خدمەتی سوڵتان و کاغەزیشی بۆ نووسی. شێخ موحەممەد کە ئەگاتە ئەستەنبووڵ، پادشا لە موسافیرخانە قوبووڵی ئەکا، ئیلتیفات و مەرحەمەتی لەگەڵ ئەنوێنێ، فەرمانی زەکاتی پێنج دێ وەک نۆدێ، عازەبان، بزەینییان، وێڵەدەر، خەراجیانی بۆ ئەنووسێ کە وەقفی دەرگای کاک ئەحمەد بێ بۆ مەسرەفی میوان و مریدانی و، بۆ شێخ موحەممەدیش مەعاشی تەخسیس کرد. فەرمان و ئەمری شاهانی بۆ حوکوومەتی سولەیمانی هێنایەوە کە ئیتر موداخەلەی زەکاتی ئەو دێهاتە نەکەن، ڕاجع بە تەکیەی کاک ئەحمەدە. سوڵتان بەوە قەناعەتی نەبوو، ئیرادەی کرد کە حەفید و وەلیعەهدی کاک ئەحمەد؛ شێخ سەعید بچێتە ئەستەنبووڵ بۆ حوزووری شاهانە، ئەویش لەسەر ئەو ئەمرە تەشریفی چوو وە نائیلی ئینعام و ئیلتیفاتی پادشاهی بوو.)(سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو)

ئەم زانیارییانەی زێوەر، بە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی پشتڕاست دەبنەوە. بەڵگەنامەکە فەرمانێکی عوسمانییە بە بەردەوامدان بە داهاتی گوندەکانی قەزای سرۆچك لە سەنجاقی سلێمانی، هەر یەك لە نۆدێ، عازەبان و بزەینیان، هەروەها گوندەکانی قەزای سەرچنار هەر یەك لە خەراجیان و وێڵەدەر، بۆ تەعامییە و خورد و خۆراك و ئیدارەی تەکیەی کاك ئەحمەد بێ و هەتا خۆی مابێ لە خزمەت ئەودانە و دواتریش کام لە شێخەکان بێتە شوێنی ئەو، داهاتی ئەو گوندانە تەرخانن بۆ ئەو تەکیەیە. فەرمانەکەیش ڕێکەوتی 1301/8/8ی کۆچی (بەرامبەر 1884/6/3ز) بەسەرەوەیە.(TKG.KK.FRM.31 )

دوای وەفاتی حەزرەتی کاك ئەحمەدیش، زانا و کەسایەتی و پیاوماقوڵانی سلێمانی یادداشتێکیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەرزکردۆتەوە و داوایان کردووە کە وەك چۆن دەیەکی داهاتی ئەو زەوییانە بۆ خەرجی تەکیە بەکارهاتووە، ئەم نەریتە بەردەوام بێت. لەو بارەوە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1309ی ڕۆمی (بەرامبەر تشرینی یەکەمی ساڵی 1893ی زایینی) چواردە مودەڕیسی سلێمانی، 11 شێخ لە مەشایەخانی سلێمانی (شەشیان لە تەریقەتی نەقشبەندی و پێنجیان لە تەریقەتی قادری)، 11 کەسایەتیی شار، 12 بەرگدروو، چەند بازرگان و خەڵك و موختاری گەڕەکەکانی سەرشەقام و دەرگەزێن و بەرپرسانی حکومیی شار ئیمزایان لەسەر یادداشتەکەدا کردووە و دواتریش مەقامی صەدارەتی عوسمانی لەسەر داواکارییەکە ڕەزامەند بووە.(LML.00011.00006.002 )

لەم بەڵگەنامەیەدا برایەتیی نێوان هەر دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و تێکڕای نوێنەرانی چین و توێژەکانی شاری سلێمانی لە ئاست کولتووری بەجێماوی کاك ئەحمەدی شێخدا بە ڕوونی بەدیاردەکەوێت[2].

## 7. مزگەوتەکەی کاك ئەحمەدی شێخ

مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ کە لە بنەڕەتدا مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانییە و یەکەم مزگەوتی شارەکەیە کە لە سەردەمی ئیبراهیم پاشای بابان بنیاتنراوە. لەناو مزگەوتەکەدا مەدرەسەیەك ئاوا کراوە، کە یەکەمین مودەڕیس تێیدا شێخ مارفی نۆدێی بووە و دوای وەفاتی نۆدێی، کاك ئەحمەد سەرپەرشتی مزگەوت و مەدرەسە و تەکیەکەی کردووە تا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کردووە و لە ناو مزگەوتەکەدا ئەسپەردەی خاك کراوە. (القزلجی، 1938) لە دوای وەفاتی کاك ئەحمەدیش، مزگەوتەکە لە جیاتی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، هەر بە ناوی مزگەوتی کاك ئەحمەد هاتووە. ئەوەتا لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 1306/2/10ی کۆچی (بەرامبەر 1888/10/16ز) لەسەر نووسراوە، ئاماژە بەوە دراوە کە صەحافێك بە ناوی مستەفا ئەفەندی دەستخەتێکی قورئان (کەلامی قەدیم)ی کردۆتە دیاریی بۆ مزگەوتی شەریفی کاك ئەحمەد ئەفەندی، بەو هۆیەوە دوازدە لیرەی پێبدرێ(ML.EEM.00125.00003.002). لەمەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت لە جیاتی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، ناوی مزگەوتەکە بە مزگەوتی کاك ئەحمەد هاتووە. تەنانەت بۆ نۆژەنکردنەوەی منارەکەی، دەوڵەتی عوسمانی بڕێك پارە تەرخان دەکات و لە نووسراوی ڕەسمیدا بە مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخی سلێمانی ناسیویەتی. لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 1306/3/27ی ڕۆمی لەسەر نووسراوە، ئاماژە بەوە دراوە کە بۆ بەشێك لە کارەکانی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی شەریفی شێخ کاك ئەحمەد لە سلێمانی کە خۆی تێدا مەدفوونە، لە هەزار مەجیدییە بیستی لە ژمێریار وەرگیرا (ML.EEM.00124.00017.001)

دروستکردنی منارە لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و هێنانی دەستخەتێکی قورئانی پیرۆز بۆ مزگەوتەکە، دەبێتە جێی دڵخۆشی خەڵکەکە، بۆیە بە گوێرەی بەڵگەنامەیەك کە مێژووی 1307/7/20ی کۆچی (1890/3/12ز) بەسەرەوەیە، بە ئیمزای کۆمەڵێك خەڵکی گەڕەکی ئەو مزگەوتەی کە مەزاری سەید شێخ کاك ئەحمەدی تێدایە، پێشنیاز دەکەن کە ناوی مزگەوتەکە بکرێتە مزگەوتی حەمیدییە بە ناوی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە پای ئەو یارمەتییەی بۆ ئەو مزگەوتەی پێشکەش کردووە. (İ..DH..01171 )

کەواتە ئەگەر چی ئەو پێشنیازانەیش کرابێت، بەڵام لەناو خەڵك و لە لای دەوڵەتی عوسمانیدا مزگەوتەکە هەر بە ناوی کاك ئەحمەدی شێخ بووە.

## 8. تەکیەکەی کاك ئەحمەدی شێخ

ئەگەر چی تەکیەی کاك ئەحمەدی شێخ هەر لەناو مزگەوتەکەیدا بووە، ئەمە لە سەردەمی ئەوەوە ناوەکەی بەبەردا بڕاوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە پازدە ساڵ دوای وەفاتی کاك ئەحمەدیش، تەکیەکە هەر ناوی ئەوی پێوەیە و لە بەڵگەنامەی ڕەسمی دەوڵەتی عوسمانیدا وێڕای ئەوەی نەوەکانی سەرپەرشتی تەکیەکە دەکەن، بەڵام هەر ناوی کاك ئەحمەد دێت. ئەوەتا لە بەڵگەنامەیەك کە مێژووی 11ی شەووالی 1319ی کۆچی (بەرامبەر 1902/1/21ز )ی بەسەرەوەیە، ئاماژە بەوە دراوە کە بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ تەعامییەی تەکیەی کاك ئەحمەدی شێخ زیادکراوە بۆ هەزار قرووش (İ..ML..00048.00022.001). ئەمەش بەڵگەی کاریگەریی کاك ئەحمەدی شێخ نیشان دەدا، چ بۆ مزگەوتەکە و چ بۆ تەکیەکە هەر بە ناوی ئەوەوە ماوەتەوە.

[2] وێڕای ئەمە ئەم تەکیەیە لەناو ئەرشیفی عوسمانیدا بە تەکیەی کاك ئەحمەد ناسراو بووە، ئەو کاتەی شێخ سەعیدی نەوەیشی دەبێتە پۆستنشین، بۆ تەعامییە و خورد و خۆراکی تەکیەکە لە 1312/1/27ی کۆچی (1894/7/31ز) مانگانە 2500 قرووشی بۆ دەبڕێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: BEO.000446.033404.002

## 9. وەفاتی کاك ئەحمەدی شێخ

ئەگەر چی هەموو سەرچاوەکان لەبارەی مێژووی کۆچی دوایی کاك ئەحمەد؛ ساڵی 1305ی کۆچییان داناوە، بەڵام ڕۆژ و مانگەکەی بە تەواوی دەستنیشان نەکراوە. مەلا محەمەدی قزلجی پێی وایە کاك ئەحمەد لە ساڵی 1305ی کۆچی و لە تەمەنی 98 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە (البرزنجی، 1956). لە ئەرشیفی عوسمانیدا ئاماژە بە مردنی ئەو زاتە دراوە. ئەو کاتەی کە ڕاستەوخۆ دوای وەفاتی کاك ئەحمەدی شێخ، پۆستنشینی تەریقەتەکە دراوەتە شێخ سەعید ئەفەندی نەوەی. لە بەڵگەنامەیەکدا کە لە فەرمانگەی باش کیتابەت لە یەلدزسەرای هومایۆنی دەرچووە و مێژووی 7ی مانگی صەفەری ساڵی 1305ی کۆچی (بەرامبەر 1887/10/25ز) لەسەر نووسراوە، ئاماژە بەوە دراوە کە کاك ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی وەفاتی کردووە و سەعید ئەفەندی نەوەی لە جێی دانیشتووە و چاوەڕێی ئەمر و فەرمانی حەزرەتی سوڵتانن(İ..DH..01055).

لەم بەڵگەنامەیە ڕوون دەبێتەوە کە بە دڵنیایی ساڵی وەفاتەکەی 1305ی کۆچییە، ڕۆژەکەیش هەفتەی یەکەمی مانگی صەفەرە، واتە بە مێژووی زایینی دەکاتە 1887/10/25 و ئەگەر ڕۆژەکەیش کت و مت نەبێ، ئەوا مانگی تشرینی یەکەم جێگیرە.

## 10. نامەکانی کاك ئەحمەدی شێخ لە ئەرشیفی عوسمانیدا

### 1-نامەیەك بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی و باسی دوو کتێبی خۆی

ئەم نامەیە کە مێژووی 2ی جەمادای یەکەمی ساڵی 1299ی کۆچی (1882/3/22ز) بەسەرەوەیە، دەق پوختەی وەرگێڕاوی نامەیەکی کاك ئەحمەدی شێخە لە فارسییەوە بۆ تورکیی عوسمانی، نامەکە لە شێوەی داواکاری (عریضة) دایە و وێڕای سەلام و ڕێز بۆ سوڵتانی عوسمانی و ئامۆژگاریکردنی، ئینجا باس لەوە دەکات کە دوو ریسالە لە بەرهەمەکانی لەبارەی (تارك الصلاة) و (شرب الخمر)ی ناردووە و داوا دەکات کە ئەم دوو ریسالەیە بڵاوبکرێنەوە و بگشتێنرێن، بەڵکو بەو هۆیەوە سوودێك بگەیەنن. جا ئەوەیشی مایەی سەرنجە نامەکە بە دەربڕینی (والسلام على من اتبع الهدى) کۆتایی هاتووە (HR.TO..00389.00033.001).

ئەوەی لەم نامەیە دەفامرێتەوە بریتییە لە:

-نامەکە شەش ساڵ پێش کۆچی دوایی کاك ئەحمەد نووسراوە، واتە کاك ئەحمەد لە تەمەنێکی پیریدا بووە و هەستی بە بەرپرسیارییەتی لە واقیعی ئەوسای کۆمەڵگەی عوسمانی کردووە، بەتایبەتی لە بارەی هەردوو دیاردەی نوێژنەکردن و شەرابخواردنەوە، بۆیە هەوڵیداوە ئەمە لە ئەستۆی خۆی لابدا و بە ئاشکرایی و بە زاتکردنەوە بابەتەکەی ڕووبەڕووی سوڵتانی عوسمانی کردۆتەوە و سەرەتا بە ئامۆژگاریکردن و پاشان بە دەستخستنە سەر برینەکە پەیامەکەی گەیاندووە (HR.TO..00389.00033.001).

-دەربڕینی کۆتایی (والسلام على من اتبع الهدى)، بە ڕوونی ئەوە بەدیاردەخات کە کاك ئەحمەدی شێخ ڕەخنەی توندی لە سوڵتانی عوسمانییە و لەو بارەوە وەك ئەوەی پەیامی خۆی گەیاندبێ و بە شێوازێك کۆتایی دێنێت کە کێماسیی سوڵتان زۆر و زەوەندە و ئەو دەربڕینەی بەسەردا دەچەسپێ کە بۆ کەسانی گوناهبار دەچەسپێن.

-لەنێو هەموو ریسالەکانی کاك ئەحمەد لەسەر بابەتە جۆربەجۆرەکان، هەڵبژاردنی ئەم دوو ڕیسالەیە، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەوسا لەناو بەرپرسانی وڵاتدا هەردوو دیاردەی نوێژنەکەری و شەرابخۆری بڵاوبوونە و، بەو شێوەیە دەیەوێ لە سەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتەوە دەست بە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکات و ئەو دوو دیاردەیە چارەسەر بکات، ئەمەش وەك خەمی گەورەی کاك ئەحمەدە بۆ چاکسازی لە وڵات و هۆشیارکردنەوەی دەسەڵات و خەڵك لەم دوو دیاردە خراپە.

-لەنێو مەکتووباتەکانی کاك ئەحمەددا، دوو مەکتووب لەبارەی (حرمة خمر) هەیە، یەکێکیان بە مکتوب کبیر و ئەویتر بە مکتوب صغیر ناسراون. نازانرێ ئاخۆ کامەیانی بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی ناردووە!

### 2-نامەیەکی کاك ئەحمەدی شێخ و خەمخۆریی بۆ سلێمانی و خەڵکەکەی

ئەم نامەیە سەبارەت بە گرێدانی ئیدارەی سلێمانی بە شاری کەرکووکەوەیە، نامەکە مێژووی 10ی تەمموزی ساڵی 1288ی ڕۆمی لەسەرە، دەکاتە بەرامبەری 1872/7/22، تێیدا هاتووە:

بۆ حوزووری سەدارەتی عوزما

داوای تەمەن درێژیتان عەرز دەکەم، من لەگەڵ دەوڵەتی پایەبڵندی عوسمانیدا ڕاستگۆم، جا ئەگەر باوەڕم پێ بکەن یان نا، بەڵگەش لەسەر ئەوە سوپاس بۆ خوا من تەسلیمی ئێوە بوومە. لە پیرۆزترین دروشمەکانی ئیسلامیش راستگۆییە لەگەڵ دەوڵەتی پایەبڵند خوای گەورە دەوامی بدات. ئەوەی ماقوڵانی شاری سلێمانی عەرزی ئێوەیان کردبوو لە لانەدانی موتەسەریف و پەیوەستنەکردنی ئیدارەی شارەکە بە کەرکوك، لەمەدا بەرژەوەندییەکی زۆر هەیە، لە بواری ئاوەدانکردنەوە و خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی و پاراستنی لە شەڕانگێزی و خراپەکاری دەر و دراوسێکانی، ئەمەش شتێکی ئاشکرا و سادەیە و ئەوەی شارەزای شارەکە بێ ئەوانە دەزانێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر وا نەکرێ لە بەرژەوەندیی شارەکە نییە. ئەوەی منیش بناسێ دەزانێ من خراپە بۆ کەس ناڵێم، بەم داوایەم ئەوەی لە ئەستۆم بوو، لە ئەستۆی خۆم لابرد، خوا ڕەحم بە بەندەی دڵسۆزی خۆی بکا. دوعاگۆتان سەید کاکە ئەحمەدی بەرزنجی.

دەقی ڕەسەنی نامەکە:

بحضور صدارت العظما

المعروض على حضراتكم طال عمركم، انىى صادق للدولة العلية ان صدقتمونى وان لم تصدقونى، ودليلى عليه إني له الحمد مسلم، ومن أعظم شعائر الاسلام الصداقة للدولة العلية ادامه الله. وان الذى عرضه كبار بلدة سليمانية على حضراتكم من عدم الغاء متصرفيتها وعدم إلحاق ادارتها بكركوك فيه مصالح كثيرة من تعميرها واستراحت اهاليها ومدافعة شرور أشرار مجاوريها، هذه بديهات لمن له اطلاع على مواقعه(ا) وخلاف ما عرضوا يتسبب الى فقدان هذه المصالح المذكورة ومن يعرفونى لا يتمنى فيما انديه وهذه العريضه اخرجت ذمتى مما وجب عليها ويرحم الله عبدا خلوص النسخ داعيا.

**10 تموز 88.**

**السيد كاكه احمد البرزنجي (HR.TO..00550.00041.002 )**

نامەکە خەمخۆریی کاك ئەحمەدی شێخە بۆ خەڵکی سلێمانی و باری کارگێڕییەکەی، دیارە سەربەخۆبوونی شارەکە و پەیوەستنەبوونی بە شاری کەرکووك، بە لای کاك ئەحمەدەوە سێ سوودی دەبێ:

1-لە ڕووی ئاوەدانییەوە، بێگومان سەربەخۆبوونی لایەنی کارگێڕیی دەرفەتی باشتر بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەی شارەکە دەڕەخسێنێت.

2-لە ڕووی ئاسوودەیی و ڕاحەتی خەڵکەکەی، کە ئەمە لە لایەك دڵخۆشییە بۆ خەڵك و لە لایەکی تر لە ڕووی کارگێڕییەوە سەختی و بارگرانیی لەسەر خەڵك لادەبات بەوەی بۆ هەموو کاروبارێکیان بەرەو کەرکووك نەچنەوە.

3-بەرگریکردن لە شارەکە و پاراستنی لە مەترسیی دەرودراوسێکانی، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە کە شارەکە خۆی دەتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکات بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کەرکووك.

ئەم سێ خاڵانەی سەرەوە وای کردووە کە کاك ئەحمەد وەك خەمخۆر و مشوورخۆری بار و گوزەرانی خەڵك، ئەم داوایە ئاراستەی سەدارەتی عوزمای دەوڵەتی عوسمانی دەکات و پشتیوانی بۆ کەسایەتیی و پیاوماقوڵانی شاری سلێمانی دووپات دەکاتەوە.

## 3-نامەیەکی کاك ئەحمەدی شێخ و پشتیوانی لە ئەحمەد فائیز

ئەم نامەیەی کاك ئەحمەد کە پێمان وایە هی ئەوە، چونکە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە زۆر لە شێوازی ئەو نزیکە و ناوی خۆیشی بە (الداعی السید احمد البرزنجی) نووسیوە، وەك ئاشکرایشە کاك ئەحمەد پێشگری (شێخ و کاك)ی کەم بۆ خۆی بەکارهێناوە[3]. نامەکە مێژووی نووسینی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام لە شێواز و جۆری کاغەزیدا وا پێدەچێ ماوەیەك پێش وەفاتی نووسرابێت. لە نامەکەدا وێڕای ئامۆژگاریی بۆ سوڵتانی عوسمانی و دوعای باشە بۆی لە پێناو سەرخستنی ئایینی ئیسلام و مسوڵمانان، هەروەها داوا دەکات کە هەڵگری نامە سەید ئەحمەد بەرزنجی پیاوێکی زانا و مودەڕیس و لێهاتوو و سەییدە، حاڵ و گوزەرانی خراپە و ناچاربووە هاتۆتە ئاستانە و داوا دەکات کە دەست بەڕوویەوە نەنرێ. ئەگەر چی لە سەردەمی کاك ئەحمەددا سێ کەس لە بنەماڵەی سادات ناویان ئەحمەد بووە، کە بریتین لە:

1-سەید ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی کاك ئەحمەد، کە زاتێکی زانا و شاعیر بووە و پێش وەفاتی کاك ئەحمەد وەفاتی کردووە (البرزنجی، 1956). بە دووری دەزانین مەبەست ئەمە بێت، چونکە لە نامەکەدا وەسفەکەی کاك ئەحمەد زۆر باڵاترە.

2-سەید ئەحمەدی نەقیب کوڕی شێخ مەعرووفی نەقیبە و لە نەوەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە، لە ساڵی 1280ی کۆچی لە سلێمانی لەدایك بووە و تەمەنی شازدە ساڵ بووە کە باوکی مردووە و بەو هۆیەوە لە جێی ئەو بۆتە نەقیبی سلێمانی. ئەوەی زانراوە ئەو لە ساڵی 1318ی کۆچی چۆتە ئەستەنبوڵ (سەرچاوەی پێشوو:70) ، واتە سێزدە ساڵ دوای وەفاتی کاك ئەحمەد.

3-ئەحمەد فائیز بەرزنجی (1842-1918) خوشکەزای کاك ئەحمەد بووە و وەك خۆی نووسیویەتی کە ئوسوڵی فیقهـ و فەرموودە و بەشێك لە تەفسیری بەیزاوی لای کاك ئەحمەدی خاڵی خوێندووە. هەر لە سەردەمی کاك ئەحمەددا ناوبراو زۆر پلە و پۆستی وەرگرتووە بەتایبەتی نائیبێتی لە مەرگە و کۆیە و قەرەداغ و کوت. بەڵام ساڵی 1299 دەست لە کار دەکێشێتەوە و ڕاستەوخۆ دوای ئەم مێژووە دەچێتە ئەستەنبوڵ و شێخولئیسلام احمد اسعد افندی العریانی دەیکاتە نائیبی لیوای منتفك (سەر بە بەسرای ئێستا) و تا ساڵی 1303 و پاشان بۆ لیوای کەربەلا و ساڵی 1305یش دەگوازرێتەوە ویلایەتی دەرسیم (البرزنجی، 1315: ج). ئەگەر تێبینی بکەین ئەحمەد فائیز لە ساڵی 1299ەوە دەچێتە ئەستەنبوڵ و وا دیارە یەکەم سەفەری ئەحمەد فائیزە بۆ ئەستەنبوڵ. لەنێو ئەم سێ سەید ئەحمەدانە، نامەکە زۆرتر بە لای ئەوەدا دەچێ کە بۆ ئەحمەد فائیز نووسرابێ، لەو کاتەی کە سەفەری ئەستەنبوڵی کردووە و شێخولئیسلام بۆ بەرپرسیارییەتێکی نوێ ڕایدەسپێرێ.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

المعروض على العتبات ذات هبات ان اجل الاجلاء واعظم العظماء ظله على العباد راحة رحمة وللرعايا حماية من كل زحمة ولأهالنا زمرة الدعاة نعمة. ثم ان ما هو واجب على امثالنا الاشتعال بالدعاء فى الصباح والمساء بوسعة الملك وبالدوام وبالنصرة على الكفرة الطغاة، وبالتوفيق على ارضاء حضرة سيد الانام عليه الصلوة والسلام، وعلى نصرة الدين وحماية المسلمين من المفسدين. فإن من نصر الدين وعده الله سبحانه وتعالى فى مواضع فى القرآن بنصرته على اعدائه المعاندين ادعو بهذا رجاء هذا. ثم ان الفقير جرء على كتب العريضة العريضة بأن الداعى لا لوم علي فى ارسال العريضته لا عذار لدي منها ان الشجرة المثمرة مع علوها وصعب الصعرد عليها يطلب حتى ثمراتها النفوس العظيمة الكبيرة والنفوس الصغيرة والحقيرة، والشجرة لا يضن بها وبمن بها عليهما ومن جملة ما نترجى ان جناب السيد احمد افندى البرزنجى حامل العريضة بذل نظر الرحمة له كالعريضة فانه سيد عالِم عامل مدرس فاضل كامل

---

[3] لە نامەکەی پێشوودا دەربڕینی (السید کاکە احمد البرزنجی) لە کۆتایی نامەکە بەکارهێنرابوو، بەڵام بۆی هەیە کاتبەکەی ئەمەی نووسیبێ.

رجل جليل ونظيره قليل، لكن هو رجل ضيق الحال والتدريس النفيس لا يمكن الا مع فراغ البال اتى الى العتبات رجاء العطائية والمهبات فرجائنا قضاء المرام لازال ظلكم ممدودا على الانام، آمين.

**الداعى**

**السيد احمد البرزنجى**

## 11. دەستنووسەکانی کاك ئەحمەدی شێخ لە ئەرشیفی عوسمانیدا

لەناو کتێبخانە و ئەرشیفخانەکانی تورکیا چەند دەستخەتی بەرهەمەکانی کاك ئەحمەدی شێخ دەبینرێن[4]، لەوانە:

1-**فتح الجواد فی بیان فضائل الجهاد**: ئەم کتێبە کە لە دانراوەکانی کاك ئەحمەدی شێخە و وەك لە کۆتاییەکەیدا ئاماژەی پێدراوە لە ساڵی 1247ی کۆچی (بەرامبەر 1832ز) لە نووسینی بۆتەوە.

سەرەتای دەستخەتەکە: الحمد لله الذی اشتری من المؤمنین انفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة.... وبعد فهذا کتاب سمیته فتح الجواد فی بیان فضل الجهاد، ذکرت فیه ما اطلعت علیه فی هذا الباب من الاحادیث والحکایات العجاب یفرح منها القلوب ویرتاح لها الالباب، ونقلت تلك الاحادیث والحکایات من المصابیح للأمام محی السنة ریاض الخلود للسید الملا ابی بکر المصنف ومن ....

کۆتاییەکەی: .... من کل فتن، وانت راض عنا من غیر سابقة عذاب ومحن، هذا آخر ما اردنا جمعه نسأل الله ان یتم نفعه وفرغنا منه یوم الجمعة عام سنة الف ومأتین بعد اربعین وسبعة فی ثامن وعشر ذی الحجة ...

دەستخەتەکە 46 لاپەڕەیە و هەر لاپەڕەیەك بە پڕی تێیدا نووسراوە و لە کتێبخانەی (Çorum Hasan Paşa Kütüphanesi) بە ژمارە (127711) پارێزراوە.

هەمان دەستخەت کە 32 پەڕەی دوو لایە و لە کتێبخانەی مجلس شورای اسلامی لە ئێران بە ژمارە 1434 پارێزراوە و لە ڕووپەڕی یەکەمیدا کە مێژووی ساڵی 1250ی لەسەر نووسراوە، وەها ناوی نووسەری هێناوە: تألیف العامل الکامل السید السید کاك احمد نجل قطب الزمان الشیخ معروف...

2-**مکتوبات**: دەستخەتی مەکتووباتی کاك ئەحمەدی شێخ، پێنج بەرگی لە کتێبخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ پارێزراوە، بەرگی یەکەمیان کە 260 پەڕەی دوو لایە و پازدە مەکتووب لەخۆ دەگرێ، کە بریتین لە: مکتوب چهل قواعد، مبطلات متوسط، مبطلات کبیر، صلاة

[4] ڕیسالەی **کشف البأساء باذکار الصباح والمساء**، لە بنەڕەتدا پاڵدراوەتە لای شێخ مەعرووفی نۆدێی، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبەکەیدا لەبارەی شێخ مەعرووفی نۆدێیەوە باس لەم کتێبە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە، بەم دواییانە چەند نوسخەیەکی دەستخەتی ئەم ڕیسالەیە لە ئەرشیفخانەکان دۆزرایەوە، کە ئاماژەی بەوە دەدا نووسراوی شێخ مەعرووفە، تەنیا لە تورکیا لە (یلدز کتبخانسی) بە ژمارە 21056 ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم نامیلکەیە بریتییە لە چەند دوعایەکی کاك ئەحمەدی شێخ بە زمانی عەرەبی، کە لەسەر بەرگی دەستخەتەکە نووسراوە: هذه نبذة من وظائف اذکار حضرة قطب العارفین وقطرة من بحار دعوات مرشد السالکین الجامع بین الشریعة والطریقة وصاحب المعرفة والحقیقة الباذل نفسه فی طاعة الله الخادم لعباد الله السید السند الاکرم الامجد مولانا وملاذنا الشیخ کاك احمد قدس الله سره وافاض علینا بره ونفعنا والمسلمین من برکات علومه الشریفة آمین. لە پەراوێزی لاپەڕەیەکیشیدا نووسراوە: قد جامع الحروف کاك احمد بن الشیخ محمد معروف غفر الله له تلاوة آیة الکرسی واواخر البقرة والایات من آل عمران والمعوذات والفاتحة..هەروەها لە بەرامبەر ئەمەشدا بە تورکی نووسراوە کە دانەری ئەم کتێبە کاك ئەحمەدی شێخە.. ئیتر بە تەواوی لێی دڵنیانین و بۆی هەیە ئەو نووسەرەوە تورکانە هەڵەیان کردبێ، بۆیە ئەگەر وەك دانەریش نەبێ، دەکرێ کاك ئەحمەد نووسەرەوەی دەستخەتەکە بووبێ. ئەمە بەجێدێڵین بۆ توێژەران بۆ ئەوەی زیاتر بەدوایدا بچن.

الحاجە، تحفة الاخوان عربی، امر و نهی، واجبات، عقاید کبیر، عقاید صغیر، ترك نماز، آداب وضو، خاتمە نماز، فضل نماز، سنن نماز و عدد.

دەستخەتەکە بێ ئەوەی ناوی نووسەرەوەکەی نووسرابێ، مێژووی ساڵی 1305ی کۆچی لەسەر نووسراوە و لەو کتێبخانەیە بە ژمارە 1392 پارێزراوە.

بەرگی دووەمی مەکتووبات کە 21 مەکتووبی لەخۆگرتووە و بریتین لە: معراج، ارهاصات، معجزات مکە، معجزات سفر، معجزات مدینە، استغفار، واجبات، توبە، فکر، ذکر، عقد مجلس، مبایعە، آداب دنبا، تعلیم کچکان، مقدمات تعلیم مریدان، احسان، سلوك، قضای حوایج، آداب کسبە، قرعە، احسان ایتام.

دەستخەتەکە 248 پەڕەی دوو لایە و کەسێك بەناوی عبدالعزیز الزلزتی بۆ (السید مصطفی النقیب) ی نەوەی کاك ئەحمەد لە ساڵی 1305ی کۆچی نووسیویەتیەوە. هەر وەك لە کۆتاییدا هاتووە: قد وقع الفراغ من کتابة الجلد الثانی بعون الله تعالی لجناب السید مصطفی النقیب الحفید لحضرة مولانا ومقتدانا السید کاك احمد المرحوم قدس الله سره وشکر سعیه فی سنة 1305 فی تاسع رمضان. کتبه المذنب عبدالعزیز الزلزتی.. ئەم دەستخەتەیش بە ژمارە 1393 لە کتێبخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ پارێزراوە.

بەرگی سێیەمی مەکتووباتیش لە هەمان ساڵ و هەمان نووسەرەوە نووسیویەتیەوە، بریتییە لە 235 پەڕەی دوو لایە و سێزدە مەکتووبن کە هەر یەك لە مەکتووبەکانی (تارك الصلاة، صلوة روزە و عبادت، خاتمەء نماز، نصائح اهل خیام، مبطلات نماز، فضیلت نماز، سنن نماز، فضیلت روز شب، جمعە و جماعت، وسوسە، بینباشی، قواعد خمسە، صوم) لەخۆگرتووە. لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: هذا مکتوب ترك الصلاة لحضرة مولانا ومقتدانا قطب الزمان ومعدن العرفان السید کاك احمد النودهی نور الله ضریحه. لە کۆتایی مەکتووبەکەیش نووسراوە: حرره الحقیر عبدالعزیز لجناب السید الوحید الشیخ مصطفی الحفید. ساڵی نووسینەوەکەیش 1305ی کۆچییە. ئەم دەستخەتەیش لە هەمان کتێبخانە بە ژمارە 1396 پارێزراوە.

بەرگێکی تری مەکتووبات کە ئێمە ناوی دەنێین بەرگی چوارەم، بریتییە لە 81 لاپەڕەی دوولا و چەند مەکتووبێك لەخۆ دەگرێت و وا دیارە کەسێك بەناوی (علی بن احمد) نووسیویەتیەوە و بەشێك لە مەکتووبەکانی بریتین لە (مکتوب الغیبة، مکتوب سفر قریب، مکتوب الصوم، مکتوب الاستغفار.. ئەم بەرگە وەك لە کۆتاییدا ئاماژەی پێدراوە، لە ساڵی 1314ی کۆچی نووسراوەتەوە و ماڵی فەقێ محمد شریف بووە.

ئەم دەستخەتەیش بە ژمارە 0764 لە کتێبخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ پارێزراوە.

بەرگی پێنجەمی مەکتووبات چواردە مەکتووب لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە مەکتووبەکانی (آداب، ترك نماز، حج با تتمەاش، روزە، زکات، قضای حوایج، معراج، جهنم، بهشت، معجزات، شکر، غیبت، مکتوب کبیر حرمة خمر، مکتوب صغیر حرمة خمر). دەستخەتەکە 190 پەڕەی دوولایە و بە ژمارە 0816 لە کتێبخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ پارێزراوە. مێژووی نووسینەوەی ئەم مەکتووباتە وەك لە کۆتاییدا ئاماژەی پێدراوە سەرەتای مانگی ڕەمەزانی ساڵی 1297ی کۆچییە و ناشزانرێ نووسەرەوەکەی کێیە.

بەرگێکی تری مەکتووبات کە بە ژمارە 821 لە کتێبخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ پارێزراوە، چەند مەکتووبێکی لەخۆگرتووە، ئەوەی ئەم بەرگە لە بەرگەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە نووسەرەوەکانیان جیان و جۆری خەتەکانیشیان جیان. بەشێك لە مەکتووبەکان لە ساڵی 1298ی کۆچی عبدالعزیز الزلزلی العثمانی و بەشێکی تر معروف کوڕی حاجی ئەحمەد بۆ خودی کاك ئەحمەدی شێخی نووسیوەتەوە. لە ڕوونکردنەوەی هەندێ شوێنیشدا ناوی (عازەبانی) وەك ناسناوی کەسێك هاتووە، بەڵام نازانین کێیە. هەر لە دەستخەتەکەدا هەواڵی تەڵاق و خولعی چەند کەسێك هاتووە، وێڕای لیستی قەرز بۆ چەند کەسێك و بڕەکانیان نیشان دراوە.

## ئەنجام

-لەناو بەڵگەنامەکانی عوسمانی و ڕۆژنامەکانی ئەوسادا، نۆ ناسناو بۆ کاك ئەحمەدی شێخ دەبینرێن، کە هەموویان سەلمێنەری ڕێزلێگیراوی و زانایی ئەو زاتەن و ناسناوەکان زۆر دەگمەنن و تا ئێستا بەو فرەییە بۆ هیچ زانا و کەسایەتییەکی کورد بەکارنەهاتوون.

-سێ نامەی کاك ئەحمەدی شێخ بۆ یەکەم جار دەدۆزرێنەوە و هەموو نامەکان بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانییە و هیچ بەرژەوەندییەکی خودی کاك ئەحمەدیان تێدا نەهاتووە، بەڵکو بەرژەوەندیی گشتیی و بەرژەوەندیی دین و خەڵکن.

-کاك ئەحمەدی شێخ ڕەخنە لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی دەگرێ و لەبارەی زۆربوونی دوو دیاردەی شەرابخواردنەوە و نوێژنەکەری و بەو هۆیەوە دوو ڕیسالە لە بارەی ئەم دوو بابەتەوە دەنووسێ و داوا لە دەسەڵاتی عوسمانی دەکات بڵاویان بکاتەوە.

-کاك ئەحمەد داوای کردووە کە سلێمانی لە ڕووی کارگێڕییەوە لە کەرکووك جیاببێتەوە و سەربەخۆ بێت، سوودی ئەم سەربەخۆبوونەش بۆ خەڵکەکەی لە سێ ڕووەوە دەستنیشان دەکات.

-بە گوێرەی بەڵگەنامەکان کاك ئەحمەدی شێخ ماوەیەك وەك موجاویر لە حیجاز ماوەتەوە و لەوێ تەکیەی تایبەتی خۆی هەبووە و لەو ماوەیەدا هەوڵدراوە بەشێك لە داهاتی ئەو گوندانەی سلێمانی کە بۆ تەکیەی ناوبراو لە سلێمانی تەرخان کرابوون، بۆ ئەوقافی حیجاز بگوازرێنەوە.

-ئەو زەوییە وەقفکراوانەی کە بۆ خورد و خۆراکی تەکیەی کاك ئەحمەد تەرخان کراون، لە دوای مردنیشی، لە لایەن شێخانی تەریقەتی نەقشی و قادری و چین و توێژەکانی شاری سلێمانی داوا کراوە کە وەقفەکە بۆ تەکیەکە بەردەوام بێ.

-بە گوێرەی بەڵگەنامەکان، کاك ئەحمەد لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1887ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

-هەندێ دەستخەتی بەرهەمەکانی کاك ئەحمەد کە لە سەردەمی ئەودا نووسراون، لە کتێبخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ پارێزراون و بۆ یەکەم جار لەم توێژینەوەیەدا ئاشکرا کراون.

## سەرچاوەکان

### کتێب بە کوردی:

زێوەر، مەلا عەبدوڵڵای (1985). گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، موحەممەدی مەلا کەریم هێناونیەتە سەر شێوە نووسینی نوێ و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسین، مەحموود زێوەر بە چاپی گەیاندوون، بە یارمەتیی ئەمینداریتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە چاپ دراون، بەغدا: چاپخانەی «شرکة مطبعة الادیب البغدادية»،

مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریمی (1389). بنەماڵەی زانیاران، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بڵاوکراوەی کتێبی کانی، تهران.

### بە عەرەبی:

ابن الخطيب، لسان الدين (1970). كتاب روضة التعريف بالحب الشريف. المحقق محمد الكتابي، الطبعة الاولى، دار الثقافة.

البرزنجی، احمد فائز بن السيد محمود افندی (1315). ابهی القلائد فی تلخيص انفس الفوائد، مطبعة ولايت الموصل.

البرزنجی، عبدالقادر محمد (1956). سادات البرزنجية، مطبعة الترقی، كركوك، 1956، فی كتاب (فی رحاب اقلام وشخصيات كردية، محمد علی القرداغی، بنكەی ژین، السليمانية، 2007.

الجرجانی، علی بن محمد الشریف (1983). کتاب التعریفات. دار الکتب العلمیة بیروت.

القزلجی، محمد (1938). التعریف بمساجد السلیمانیة ومدارسها الدینیة، مطبعة النجاح، بغداد، 1938 فی کتاب (فی رحاب اقلام وشخصیات کردیة، محمد علی القرداغی، بنکەی ژین، السلیمانیة.

**بە تورکی:**

بورسلی، محمد طاهر (1914)، عثمانلی مؤلفلری، بورسلی محمد طاهر، جلد 1، 1332/ 1914، اسطنبول.

رمزی، دکتور حسین (1305)، لغات رمزی، عثمانلیجه سوزلوك چالشمسی، دکتور حسین رمزی، استانبول.

سامی، شمس الدین (1901)، قاموس ترکی، منشورات اقدام غزەتسی، استانبول.

سوریه، جریده (1899)، عدد 1715، 1317/1/28هـ، 1899/6/8م، ساڵی 34ەمین، دمشق.

طریق (1887)، عدد 1134، 1304/8/28، 1887/5/22م، اسطنبول.

مجلس مبعوثان، ضبط جریدەسی (1917)، اوچنجی دورەء انتخابیه، دردنجی اجتماع، 1 نجی انعقاد، 15 محرم 1336/ 1917/11/1، انقره.

موصل، سالنامه ولایت (1892)، عدد 2، 1309هـ/ 1892م.

موصل، سالنامەء ولایت (1891)، عدد 1، 1308/ 1891.

SARIYILDIZ, Gülden (2009) SİCİLL-i AHVÂL DEFTERLERİ Osmanlılar'da devlet memurlarının sicil kayıtlarını içine alan defterlerin adı.TDV İslâm Ansiklopedisi,37. Cildi ,a İstanbul .s 134-136

**کۆدی بەڵگەنامەکانی عوسمانی:**

BOA. A.}MKT.NZD.00110.00040.001

BOA.BEO.000446.033404.002

BOA.HR.TO..00389.00033.001

BOA.HR.TO..00550.00041.002

BOA.İ..DH..01055

BOA.İ..DH..01171

BOA.İ..ML..00048.00022.001

BOA.LML.00011.00006.002

BOA.ML.EEM.00124.00017.001

BOA.ML.EEM.00125.00003.002

BOA.MVL.00780.00077.001

BOA.TK.GM..FRM.31

BOA.TKG.KK.FRM.31


**دەستخەت:**

دەستخەتی بەرهەمەکانی کاك ئەحمەد


کتێبخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ، بە کۆدی (nekfy00821) (nekfy00816) (nekfy01396)، (nekfy01393)، (nekfy01392)


کتێبخانەی (Çorum Hasan Paşa Kütüphanesi) بە ژمارە 127711.

کتێبخانەی سلیمانیە، اسطنبول، بەشی بغدادلی وهبی، ژمارە 005-02188




HR.TO.00550.00041.002


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)
Y.PRK.AZJ 55/111
Y.PRK.AZJ.00055.00111.001



یلدز سرای همایونی
باش کتابت دائره‌سی

سلیمانیه‌ده ارتحال دار بقا ایدن شیخ کمال احمد افندینك مخصصاتنك
حفید و جانشینی سعید افندی‌یه اعطاسی مقتضای امر و فرمان حضرت
پادشاهیدن اولمغله اولبابده امر و فرمان حضرت ولی الامرکدر

İ.DH 1055 /82801

**İ.DH.01055**